# Module (Course Syllabus) Catalogue

# 2023-2024

| | | |
|---|---|---|
| College/ Institute | Khabat Technical Institute | |
| Department | Food Security& Quality Control | |
| Module Name | Agricultural Legislations/2 | |
| Module Code | AGL303 | |
| Degree | Technical Diploma [/] Bachelor [ ]<br>High Diploma [ ] Master [ ] PhD [ ] | |
| Semester | 3 | |
| Qualification | M.Sc. Law | |
| Scientific Title | Assistant Lecturer | |
| ECTS (Credits) | 6 | |
| Module type | Prerequisite [ ] Core [/] Assist. [ ] | |
| Weekly hours | | |
| Weekly hours (Theory) | ( 2 )hr Class | ( 162 )Total hrs Workload |
| Weekly hours (Practical) | ( )hr Class | ( )Total hrs Workload |
| Number of Weeks | 12 | |
| Lecturer (Theory) | Nahro Asaad Abdullah | |
| E-Mail & Mobile NO. | nahro.abdulla@epu.edu.iq 07504468748 | |
| Lecturer (Practical) | nahro Asaad Abdullah | |
| E-Mail & Mobile NO. | nahro.abdulla@epu.edu.iq 07504468748 | |
| Websites | https://epu.edu.iq/ | |

# Course Book

| | |
|---|---|
| **Course Description** | **باسێکی کۆڕس**<br>سیستەمی کۆمەڵایەتی و ئابووری و سیاسی و لە هەموو بوارەکان زۆرترین پێویستیان بە یاسا هەیە بۆ بەکارهێنان لە ڕێکخستنی پەیوەندییە نوێیەکان<br>لەم تێڕوانینەدا پێویستە تیشک بخرێتە سەر گرنگی یاسا و ڕۆڵی لە پرۆسەی بنیاتنان و گەشەپێدان بەگشتی، هەروەها ڕۆڵ و شوێنی فوقەهایەکانی یاسا، هەروەها لە نزیکەوە ئاوڕێک لە واقیعی کۆمەڵەی یاسای کشتوکاڵی لەسەر زەوییە کشتوکاڵییەکان وسامانی ئاژەل  هەوڵدان بۆ هەڵسەنگاندنی بۆ دەرخستنی ڕادەی کاریگەری و کاریگەرییەکانی لەسەر بنیاتنانی یاسایی و کۆمەڵایەتی.ئەو زانستە هەموو بابەتەکانی یاسای کشتوکاڵی دەگرێتەوە کە خۆی لە مانای یاسای کشتوکاڵی و تاییەتماندیەکانی وە ئەو ڕەگەزانەی کە لێی پێکهاتووە ئەو سەرچاوانەی کە هێزی پابەندبوونی لێبوەردەگرێت وە سەرچاوەکانی یاسا دەربارەی چۆنیەتی سەرهەڵدان و لقەکانی یاسای کشتوکاڵی و جۆرەکانی ئەو ڕێسایانەی کە لە ژیانی ڕۆژانەدا پەیڕەو دەکرێت، وە چۆنیەتی زانیاری وەرگرتن لەسەر لێکدانەوە و ڕەتکردنەوەی ڕیگاکانی گەیشتن بە زانیاری دەربارەی حوکمەکانی ئەو یاسایە کە لەگەڵ بەرەو پێشجوونی کەرتی کشتوکاڵی کە خۆی لە بیردۆزی یاسا دەبینێتەوە. کەواتە پەیوەندی توندوتۆڵ هەیە لە نێوان یاسا و کەرتی کشتوکاڵی چونکە لە ڕێگەی تەشریعاتەکان چ یاساو چ ڕێنماییەکانەوە دەتوانین مافەکانی جوتیارو هاولاتی جێگیر بکەین. دراسەکردنی زانستی یاسای کشتوکاڵی دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر: یەکەمیان لێکۆڵینەوە لە یاساکەدا بۆ تێگەیشتنی بیردۆزەکانی یاساکە، دووەمیان توێژینەوە دەربارەی ئەو مافانەی لە پەیوەندیە یاساییەکان نێوان کەسەکان و ڕێگاکانی. کشتوکاڵی پارێزگاریکردنیان بۆ باسکردنی بیردۆزە گشتیەکەی |
| **Course objectives** | **ئامانجی کۆڕس**<br>ئاماج لەو کۆڕسەی خوێبدن گەشەپێدان و بەهێزکردنی توانای زانستی قوتابیانی بەشە کشتوکاڵیەکان بە گشتی و بەشی ئاسایشی خۆراک بەتاییەتی، وە ئامادەکردنیان بە شێوەیەکی باش. وە پێدانی زانیاری درووست لەو بارەیەوە، هەروەها بەرزکردنەوەی ئاستی بیرکردنەوە و زانستی و ڕۆشنبیری و کارکردنی پڕاکتیکی. هەروەها ئامانجمان لەو پلانە ئەوەیە کە زانیاری تەواو بدەینە قوتابی لەبارەی سەرچاوەکانی پەیوەست بە بابەتی زانستی یاسا، سوود وەرگرتن لەو سەرچاوانە. وە هۆشیارکردنەوەی قوتابیان دەربارەی گرینگی زانستی یاسای کشتوکاڵی وەک زانستێکی جیاواز لە کارگێڕی بنەماو ڕێسای تاییەت بەخۆی هەیە، هەروەها ناساندنی گرینگی پێگەی زانستی یاسای کشتوکاڵیە کە بەشێکی دانەبڕاوە لە هەیکەلی ڕێکخستنی دەزگاو دامەزراوە نوێیەکان، وە پێدانی زانیاری بە قوتابیان کە زانستی یاسای کشتوکاڵی سەربەخۆیە، وە |

| | |
|---|---|
| | فێرکردنیان لە بنەما جۆراو جۆرەکانی ئەو زانستە پڕ بایەخە بۆ شێوازێکی چالاک لە گفتوگۆ کردن لەگەڵ جەماوەر و هۆشیاکردنەوەیان لەو بوارەدا. گومان لەوەدانیە کە قوتابیانی کارگێری پێویستیەکی زکریان هەیە بۆ فێربوونی ئەو.زانستە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی ورد و درووست و بەپێی پەیرەوی دانراو کە بنیات نرابێ لەسەر بنەمایەکی باشی زانستی و ئەکادیمی. هەروەها بۆ ئەوەی بەڵگە و دەرئەنجامەکانیان پتەو و قایلکەربێت. وە قوتابی پشت ئەستووربێ بە باوەڕ بەخۆبوون و ئەو بەرنامەو پرۆگرام و ڕێگەی کە گرتۆتیەبەر لە خوێندنی بابەتی زانستی یاسای کشتوکاڵی. لە کۆتایی بە فێربوونی ئەو بابەتە قوتابیان دەبنە کەسی کارامەو شارەزایی باش. |
| Student's obligation | **ئەرکی قوتابیان**<br>پێویستە قوتابیان پابەندی ئەو خاڵانەی خوارە بن:<br>١- پابەندبوون بە دەوام و ئامادەبوون لەکاتی وانەکاندا<br>٢ -دوای تێپەڕبوونی 5 خولەک لە هاتنی مامۆستای بابەت بۆ هۆڵی خوێندن ڕێگەنادرێت قوتابی دواکەوتوو بێتە ژورەوە، (غیاب) هەژمار دەکرێت.<br>٣ -پابەندبوون بە تاقیکردنەوەکانی کتوپرو لەناکاودا (کویز).<br>٤ -ئامادەکردن و پێشکەشکردنی ڕاپۆڕت و سیمینار و پەیپەر و گفتوگۆی تایبەت بە بابەتەکە.<br>٥ -کارکردن بە شێوەی گرووپ لە ئەرکەکانیاندا.<br>٦ -پابەندبوون بە ئامادەبوون لە تاقیکردنەوەکانی وەرزیدا.<br>ڕێگە نادرێت تاقیکردنەوە دووبارە بکرێتەوە مەگەر بە بیانویەکی قایلکەری بزیشکی پشتڕاستکراوە لە لیژنەی نەخۆشخانە حکومیەکان |
| Required Learning Materials | **ئامرازەکانی فێرکردن**<br>لەماوەی ئەمساڵی خوێندندا قوتابیان فێردەکرێن بەهۆی بەکارهێنانی هۆیەکانی نوێی فێرکردن وەکو کۆمپیوتەری کەسی (لاپتۆپ) داتاشۆ و بە پیشاندانی بابەتە زانستیەکان لەڕێگەی سلایدە ئامادەکراوەکان لە ڕێگەی بەرنامەی پاوەر پۆینت و وۆرد و بەکارهێنانی بۆری سپی هەڵواسراوی دیواری و نموونەی پەڕاوە جۆراوجۆرەکانی زانستی یاسا و هۆکارەکانی تری زانستی وەکو هۆیەکانی پەیوەندی (بەرنامەی موودڵ، زووم، فایبەر، ماسنخەر،....). هەروەها هەڵبژاردنی ناونیشانە سەرەکیەکان و لاوەکیەکان و بڕگە سەرەکیەکان و بابەتە گرینگەکان و شەرحکردن و قسەکردن لەسەریان کە پێویستیان بە ڕوونکردنەوە هەبێت. ئەو هۆکارە سەرنجی قوتابی ڕادەکێشێت بۆ وەرگرتن و تێگەیشتنی زیاترئ بە بابەتەکەو سوود وەرگرتن لە تەواوی بابەتەکە، پێویستە لەسەر قوتابیان کە بەدواداچوونی تەواوی بابەتەکە بکەن و بیر و هۆشیان لەسەر بابەتەکە بێت لەکاتی شەڕحکردنی بابەتەکە. هەروەها پێویستە پابەند بن بە دەوامکردن. لە هۆکارە سەرەکیەکانی سەرکەوتنی قوتابی و تێگەیشتنی بابەتەکانی پەیوەست بە بەشداری کردنی قوتابی و ئاڕاستەکردنی پرسیار و گفتوگۆکردن لە ناو هۆڵی خوێندندا و چەسپاندنی بابەتە گرنگەکان لە ناخی بیری قوتابیان ئەمەش بە بەشداری کارای قوتابیان دێتەدی |

**Evaluation**

| Task | | Weight (Marks) | Due Week | Relevant Learning Outcome |
|---|---|---|---|---|
| Paper Review | | | | |
| Assignments | Homework | 10 | 2 | 10% |
| | Class Activity | 2 | | 2% |
| | Report | 6 | 4 | 6% |
| | Seminar | 10 | 6 | 10% |
| | | | | |
| | Essay | | | |
| | Project | | | |
| Quiz | | 8 | 3,5,9 | 8% |
| Midterm Exam | | 24 | 7 | 24% |
| Final Exam | | 40 | 14 | 40% |
| Total | | 100 | | 100% |

**Specific learning outcome:**

**دەرەنجامی فێربوونی قوتابیان لەم کۆڕسە**

**دوای کۆتایی هاتنی ئەو کۆڕسە لە فێربوونی بابەتی زانستی یاسایی کشتوکاڵی دەرەنجامی باشی بۆ قوتابیان دەبێت لە فێربوونی ئەو زانستە گرینگە بە هەموو شێوازەکانیەوە، هەروەها نەهێشتنی ئەو کەموکوڕیانەی کە قوتابی هەیەتی لەم بارەوە کە لە بواری کارگێڕیدا سوودی لێ وەردەگرێت، فێربوونی ئەو بابەتە پەیوەندی بە تینی هەیە بە پەیداکردنی هەلی کار لە دەرەوەی دام و دەزگاکانی دەوڵەت و کەرتی گشتی و زانکۆکان و ڕای گشتی وەکو کەرتی تایبەت و کۆمپانیاکان سودی لێ دەبینێت، کە ڕێنیشاندەرە بۆ ئەوەی پشت بەخۆیان ببەستن تاکو هەلی کار بۆخۆیان پەیدابکەن وە لە میانەی کارکردنیان لە کارگێڕی و بوارە جیاوازەکانی تری پەیوەست بە کارگێڕی سەرکەون. هەروەها بۆ کەرتی گشتی سوودی زۆری هەیە لە هۆشیارکردنەوەو پێگەیاندنی کادیری چالاک لەو بوارە و هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵگە لە بوارەکانی زانستی یاسایی کشتوکاڵدا**

**Course References:**

سەرچاوەکان

1- موسوعة التشريعات العقابية فى القوانين العراقيه/ القاضى سردار عزيز خۆشناو، ط٣، ٢٠١٣، مكتبة تەبايى، أربيل .

2- یاسای چاکسازی کشتوکاڵی وەرگێڕان و لێکدانەوە، د. أنور عمر قادر،

| | |
|---|---|
| | چ١، ٢٠٢١، چاپخانەی وەزارەتی کشتوکال، هەولێر<br>3- پێرستی یاسایی بۆ سالانی ١٩٩٢ تا ٢٠٢٠، مافپەروەر سمیر عمرعلی، چ١، ٢٠٢١، هەولێر<br>4- یاساو ڕێنماییەکانی کەرتی کشتوکال و ئاو لە کابینەی نۆیەمی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کۆکردنەوەو ئامادەکردنی تەلان زرار غفور، چ١،وەزارەتی کشتوکال و سەرچاوەکانی ئاو، ٢٠٢٢، هەولێر. |

| Course topics (Theory) | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| بەخێرهاتنی قوتابیان، ڕوونکردنەوەی کۆرس کاتالۆگ، ڕێنماییەکانی Bologna Process | 1 | |
| یاسای پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ لە هەرێمی کوردستان | 2 | |
| یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان | 3 | |
| یاسای هاوردەکردنی ڕووەک | 4 | |
| یاسای پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵ ژ 4 سالی 2008 | 5 | |
| یاسای پاراستنی بەرهەمە خۆماڵییەکان لە هەرێمی کوردستان . عێراق | 6 | |
| تاقیکردنەوەی midterm | 7 | |
| یاسای کۆنترۆڵکردنی ئافاتەکانی (نەخۆشی) کشتوکاڵی ژمارە (4) ی ساڵی 1972 | 8 | |
| ڕێنمایی ژمارە (٣) ی ساڵی ٢٠٢١ ڕێنمایی تایبەت بە سەربڕخانەکان لە هەرێمی کوردستان | 9 | |
| رێنمايي ژمارة (9)ی ساڵی 2192 رێنمايي پاراستين ژينگە لە پيسبوون وفرِيداني پاشماوەكان | 10 | |
| ڕێنمایی مۆڵەت دانی شیری وشک | 11 | |
| بارانبارینی دەستکردو ئەنجامدانی لەرووی یاساو شەریعەتدا | 12 | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

| | Week | Learning Outcome |
|---|---|---|
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |
| | | |

**Questions Example Design پرسیارو وەڵامی نمونەیی**

پ1/ ئەم زاراوە کشتوکالیانەی خوارەوە پێناسە بکە؟

1. بەرهەمی ڕکابەر(المنافس) 2. ئافاتەکانی کشتوکاڵی

پ2/ ئەمانەی خوارەوە وەلام بدەوە

1- ئەم زیانبەخشە کشتوکاڵیانەی کە بە پەتا دادەنرێت بژمێرە

2- تەنها (4) لە ئەرکەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی بنوسە.

پ3/ هۆیەکانی دەرچواندنی ئەو یاسایانەی خوارەوە بنوسە

1- یاسای دارستان لە هەرێمی کوردستان

2- یاسای کۆنترۆڵکردنی ئافاتەکانی کشتوکاڵی

**پ4/ ئەم بۆشاییانەی خوارەوە بە دەستەواژەی گونجاو پر بکەرەوە**

1- هەر کەسێک بەشداربێت لە سەرپێچیکردن و زیادەڕۆیی لەسەر تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ، بە بەرامبەر بێت یان بێ بەرامبەر، بە ________ سەرپێچیکار و زیادەڕۆکار سزادەدرێت.

2- پێویستە لەسەر کارگە و سەنعەتگاکان. لەوانەی کەبەروبوومی کشتوکاڵ، وەك ______ لە سەنعەتی کشتوکاڵیدا بەکاردەهێنن، کەرەستەی خۆماڵی ئەگەر فەراهەم ببێت بەکاربهێنن.

**پ5/ ڕاستی و چەوتی ئەم دەستەواژانەی خوارەوە دیار بکە.**

1- ئەگەر جوتیار ملی نەدا بەبێ پاساوی بەجێ. زەویەکە بکێڵێ و بیچێنێ یان خزمەتی نەکرد، ئەوا پارێزگار بۆی هەیە زەوییەکە بە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵ بسپێرێ

2- پاشەڕۆنەرمەکان : خوێن و ئەو ماددە شلانەیە کە لە ئەنجامی کوشتنەوە و شوشتن و پاککردنەوە و خاوێنکردنەوەی سەربڕخانەکە پەیدا دەبن.

**پ6/ لەمانەی خوارەوە وەلامی ڕاست هەلبژێرە**

أ- 1- شوێنی سەربڕخانەکان پێویستە لە سنوری شارەوانی شارە گەورەکان _______ کیلۆ مەتر دووربێت أ- (5) ب- (3) ج- (2)

- 2- یاسای پاراستنی پرۆژە و تۆڕەکانی ئاو و ئاوەڕۆ بڕی _________ دینار سزای داناوە بەرامبەر بردنی قەباغی مەنهۆڵ.

أ- 200000 دینار ب- 400000 دینار ج- 600000 دینار

## وەلامـــــــــی نمــــــــوونەیـــــــــی

## پ1/

1- ئافاتەکانی کشتوکاڵی : بریتی یە لە هەموو مێروویەک، نەخۆشییەک یان ئاژەڵێک کە زیان بە بەرهەمە کشتوکاڵییەکان بگەیەنێت.

- **2 بەرهەمی ڕکابەر(المنافس):** ئەو بەرهەمە خۆماڵییەیە کە لەبەکارهێناندا کێبەرکێی بەرهەمی هاوردەکراو ئەکات ئەگەر هاوشێوەشی نەبێت.

پ2/

1-- ئەم زیانبەخشە کشتوکاڵیانەی خوارەوە بە پەتا دادەنرێت

١ - ( الجراد بأنواعه) کولە بە هەموو جۆرەکانیەوە.

٢ – (السنونة) جۆرێکە لە بالندە

٣- (دوباس النخیل) جۆرە زیندەوەرێکە لە خورما دەدات.

٤- (فئران و جرذان الحقول) مشک و جورجی کێڵگە گەنمەکان.

٥- ( البق الدقیقی) جۆرە کرمێکە زیاتر لەسەر گەلای درەخت و گول و میوە دەژیت .

٦ - هەر ئافاتێکی کشتوکاڵی کە بەشی کارامە بڕیاریدا پەتا بێت، بەمەرجێک ئەمە لەگەڵ ڕەزامەندی وەزیردا بێت.

2. **ئەرکەکانی لایەنە پەیوەندیدارەکانی هەرێم بۆ پاراستن و پەرەپێدانی بەروبوومی کشتوکاڵی**

یەکەم: کارکردن لە پێناو بووژاندنەوەی گوندەکان بەپێی سیاسەتێکی ئیستراتیژی هاوکاری لەگەڵ وەزارەتە پەیوەندیدارەکاندا و جوتیار هانی کۆچی پێچەوانەوە بەرەو گوند بدەن.
دووەم: جوتیاران هۆشیار بکرێنەوەو بەرەو بەکارهێنانی زەوی بە باشترین شێوە رێنمایی بکرێن.
سێیەم: : کردنەوەو پەرەپێدان و قیرتاوکردنی رێگاو بان بۆ ئەوەی جوتیاران بە ئاسانی بە باخەکانیان بگەن و بۆ بازاڕکاری بەروبوومەکانیشیان یارمەتی بدرێن.
چوارەم: لەبواری پیشەسازی خۆراك هانبدرێت کە پشت بە بەروبوومی کشتوکاڵی خۆماڵی ببەستێت.

پ3/

-1

هۆیە پێویستکارەکانی دەرچوواندنی ئەم یاسایە

لەبەر ئەوەی ئەو یاسایانەی لە هەرێمی کوردستاندا بەرکارن سەبارەت بە دارستانەکان لەگەڵ پێویستییەکانی پاراستنی دارستانەکاندا ناگونجێن

بە مەبەستی رێکخستنی بەرێوەبردن و پاراستن و پارێزگاری و چاککردنی دارستانەکان و، زێدەکردنی رووبەری سەوزایی و بەشداریکردن لە چاککردنی ژینگەو، دابین کردنی شوێنی گەشتیاریی و رابواردن، کە لەکاتی ئێستادا بوونەتە پێویستییەکانی ژیان و، بۆ خۆگونجاندن لەگەڵ بارودۆخ و سیاسەتی دارستان کە پێویستە پەیرەو بکرێ بۆ پاراستنی دارستانەکان وەك سامانی نەتەوەیی و نیشتیمانی و پارێزگاری کردن لە

جۆرە سروشتییە گونجاوەکان و هێشتنەوەی بنەچە بۆماوەییەکانیان لە کوردستاندا، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.
-2

1- بەمەبەستی پاراستنی بەرهەمی کشتوکاڵی و زیادکردنی و بەرزکردنەوەی کوالیتی بەمەبەستی دابینکردنی خۆراکی باش بۆ هاووڵاتیان
2- و بەشداریکردن لە پاڵپشتیکردنی داهاتی نیشتیمانی و بۆ ئەوەی فەرمانگە تایبەتمەندەکان بتوانن ئەو زیانبەخشە کشتوکاڵی و پەتایانە بنبڕ بکەن کە جووتیار توانای بەرەنگاربوونەوەی نییە بۆیان.
3- بەشداری دەوڵەت لە هاندانی فراوانکردنی چاندنی هەندێک بەرهەم و
4- لەبەرچاوگرتنی بارودۆخی تەکنیکی و دارایی جووتیار،
ئەم یاسایە دەرچوێندرا

**پ4/ بۆشایی:.**

1- هەمان سزا

2- کەرەستەی خاو

پ5/ ڕاست و چەوت

1- ڕاستە

2- هەڵەیە

پ6/

1- (5)

2- **(400000)** دینار

**Extra notes:**

| |
|---|
| |
| **External Evaluator** |